# وانەی ٦١: ڕاگەیاندنەکە

لۆقا ١ و مەتا ١

لەماوەی شەست وانەی ڕابردوو، دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پەیمانی یەکەم دەکەین، کەوا تەوراتی موسا و زەبوورەکانی داوود و نووسینەکانی پێغەمبەرەکانی تر. لە وانەی ڕابردوو دەستمان کرد بە دیراسەتی نووسراوە پیرۆزەکانی پەیمانی نوێ، کەوا ئینجیلە، ئینجیل ووشەیەکی عەرەبیە بە مانای (مزگێنی خۆش) دێت. بە ڕاستی، پەیامی ئینجیل مزگێنی خۆشە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن، لەبەر ئەوەی پێمان دەلێت کە خودا ڕزگاری دەرێکی گەورەی ناردە زەوی، هەروەك بەلێنی بە پێغەمبەرانی زۆر لەوە پێش دابوو.

پێش ئەوەی دەست بکەین بە دیراسەتمان لە ئینجیل، باشترە با بە یادمان بێتەوە بۆچی خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرێك بۆ نەوەکانی ئادەم بنێرێ. دێتەوە بیرت چی رووی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا بە قسەی خودایان نەکرد؟ لە تەورات بینیمان چۆن بە گوێ نەکردنەکەی ئادەم هەموو ڕەگەزی مرۆڤی لە شانشینی خودا دوور کردەوە و بۆ ناو شانشینی شەیتانی برد. گوناهەکەی ئادەم هۆی ئەوەیە کە هەریەك لە ئێمە لە خراپەکاری لەدایك بووین. چی بچێنی ئەوە دەدوریەوە، بە هەمان شێوە ئادەم و نەوەکانی تەنها مندالّی گوناهباریان بە دەست دەکەوێ گوناهبار گوناهبار بەرهەم دێنێ. گوناهەکانمان ئیدانەمان دەکات تا ئەو ڕادەیەی هیچ ڕێگایەکمان نیە خۆمان ڕاست بکەینەوە بەرامبەر ئەو خودایەی کە دەبێت حوکمان بکات!

بەلاّم، ستایش بۆ خودا کە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران لەلای چیرۆکی سنووربەزاندی ئادەم تەواو نابێ! وەك تائێستا بینیمان، لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی پلانە سەرسوڕهێنەرەکەی بە ناردنی ڕزگاری دەرێك بۆ جیهان کەوا نەوەکانی ئادەم ڕزگار دەکات لە دەسەلاّتی شەیتان و گوناه. لەو ڕۆژە تاریکەی گوناه هاتە ناو جیهان، خودا ڕایگەیاند کە ئەم ڕزگاری دەرە بە تاق و تەنیا لە (ئافرەتێك) لەدایك دەبێت. (پەیدابوون ٣: ١٥ و گەلاتیا ٤: ٤) مەسیح، کەوا دەبوایە خوێنی خۆی برێژێ وەك قوربانیەکی تەواو بۆ گوناهباران، نەدەکرا لەنەوەی باوکێکی زەمینی بێت کە لەکەی گوناهی پێوەبێ. دەبوایە کامڵ و پیرۆز بێت وەك چون خودا کامل و پیرۆزە. لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەر ئیشایا (کەوا حەفت سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح ژیا) نووسی: پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی دەنێن ئیمانوێل، واتا: خودا لەگەڵمانە. (ئیشایا ٧: ١٤ و مەتا ١: ٢٣)

با ئێستا بگەڕێنەوە بۆ ئینجیل تاکو بتوانین ببینین چۆن خودا بەلێنەکەی هێنایە دی سەبارەت بەم ڕزگاری دەرە تەواو و پیرۆزە کەوا دەبوایە لە پاکیزەیەك لەدایك بێت — ئافرەتێکی گەنجی کەوا هەرگیز لەگەڵ پیاوان نەنووستبێت. لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن جبرائیلی فریشتەی خودا بەدیار کەوت بۆ جولەکەیەك بە ناوی (زەکەریا). جبرائیل لە زەکەرییای وت کەوا خۆی و خێزانەکەی کوڕێکیان دەبێت بە ناوی یۆحەننا، کەوا دەبوایە ڕێگا خۆش کات لەپێش هاتنی ڕزگاری دەرەکە. با بەردەوام بین لە ئینجیلی لۆقا، بەشی یەکەم، بۆ ئەوەی ببینین چۆن خودا فریشتەی خۆی نارد بۆ پاکیزەیەك بە ناوی مەریم.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لوقا ١) **(کاتێ ئەلیساباتی، دایکی یەحیا)** لە شەشەم مانگی بوو، جبرائیلی فریشتە لەلایەن خوداوە بۆ شارێک نێردرا لە جەلیل، ناوی ناسیرە بوو، [٢٧] بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێک ناوی یوسف بوو لە بنەماڵەی داود، ناوی پاکیزەکەش مریەم بوو. [٢٨] جبرائیل هاتە لای مریەم و وتی: (سڵاو، ئەی ئەوەی ڕەزامەندیت

هەیە! خوداوەندت لەگەڵە.) [٢٩] بەڵام ئەو بە پەیامەکە زۆر شێوا و بیری کردەوە، دەبێت ئەمە چ جۆرە سڵاوێک بێت. [٣٠] فریشتەکە پێیووت: (مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا ڕەزامەندیت بەدەستهێنا. [٣١] ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. [٣٢] پایە بەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێ دەداتەوە. [٣٣] تاهەتایە حوکمڕانی ماڵی یاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.) [٣٤] بەڵام مریەم بە فریشتەکەی وت: (ئەمە چۆن دەبێت، کە پیاوم نەناسیوە؟) [٣٥] فریشتەکە وەڵامی دایەوە: (ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز سایەی سەرت دەبێت. بۆیە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت. [٣٦] ئەوەتا ئەلیساباتی خزمیشت بەو پیریەی سکی بە کوڕێک هەیە. ئەوەی بە نەزۆک ناودەبرا لە شەشەم مانگیەتی. [٣٧] چونکە هیچ شتێک لەلای خودا مەحاڵ نییە.) [٣٨] مریەم وتی: (ئەوەتا من کارەکەری خوداوەندم. با بەگوێرەی قسەکانت بۆم ببێت.) فریشتەکەش بەجێیهێشت.

بالێرە ڕاوەستین و تۆزێك باسی ئەوە بکەین چی ڕوویدا کاتێ جبرائیلی فریشتەی خودا بۆ مەریەم بە دەرکەوت. مەریەم ئافرەتێکی گەنج بوو کەوا ڕێزی لە ووشەی خودا دەگرت. مارەی بڕا بوو لە پیاوێك بە ناوی یوسف، بەڵام هێشتا لەلای نەبوو. هەردوکیان لە نەوەی پاشا داوود بوون. بەبیرمان دێتەوە کە پێغەمبەرانی خودا نەك تەنها پێشبینی ئەوەیان کرد کە مەسیح لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت، بەڵکو هەروەها لە خێڵی پاشا داوود دەبێت.

بۆ ئەوەی کەس بە هەڵە تێ نەگات، شتێکی تر هەیە کەدەبێت بیزانین دەربارەی مەریەم: مەریەم نەوەی ئادەم بوو. وەك هەموومان، بە خەسلەتێکی گوناهباروە لەدایك بوو بوو. پێویستە ئەمە بڵێین، چونکە زۆران مەریەم دەبەنە مەقامی خودا و دەیپەرستن و نوێژی بۆ دەکەن. بێ گوومان ئەوە بت پەرستییە! مەریەم شایەنی ناو بەرزییە چونکە ئەو ئەو ئافرەتە بوو کەخودا هەڵیبژارد لە ڕێگای ئەوەوە مەسیح بێنێتە جیهان. بەڵام ئەم نیعمەتەی خودا بەسەری هێنا واناکات شایەنی پەرستن بێت، لەبەر ئەوەی نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کڕنۆش بۆ خودای پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت! (مەتا ٤: ١٠)

باشە، لەو ئایەتەی تازە خوێندمانەوە، دەبینین چۆن جبرائیل سەردانی مەریەمی کرد بۆ ئەوە پێی ڕابگەێنێ کە ئەو ئەو پاکیزەیەیە کەخودا نیازی هەیە لە ڕێگای ڕزگاری دەری جیهان بێنێتە جیهانەوە. جبرائیل هەروەها ناوی منداڵەکەی بە مەریەم ووت کەسکی پێی پڕ دەبێت. پێی ووت، (ناوی دەنەی عیسا.) ناوی عیسا مانای (پەروەردگار ڕزگار دەکات). بەڵام، ناوێکی تر هەبوو کەجبرائیل مەبەستی عیسا مەسیح بوو. پێی ووت (کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت). بە دڵمان بێت یان نا، جبرائیل ئاوای ووت. پێشتر خوێندمانەوە لە زەبوورەکانی داوود کەخودا بە مسیحی فەرموو کوڕی خۆی. ئێستاش گوێمان لێ بوو فریشتەی خودا جبرائیلیش بە مەسیح دەڵێت (کوڕی خودا.)

دەزانین کە زۆر خەڵك کاتێ گوێیان لە (کوڕی خودا.) دەبێت دەڵێن، (ئەوە مەحاڵە!) بەڵام پێش ئەوەی قێزت لە ناوی (کوڕی خودا.) ببێتەوە، پێویستە توزێك بگەڕێی بۆ ئەوەی بزانی کوڕی خودا مانای چیە! لە نووسراوە پیرۆزەکان، مەسیح زیاتر لە سەد و بیست جار پێی وتراوە کوڕی خودا . بۆیە، ئێمەی کە باوەڕمان بە نووسینەکانی پێغەمبەران هەیە جورئەت ناکەین ئەوە ڕەت بکەینەوە کەخودا بە مەسیح دەڵێت کوڕی خۆی. ئەوەی دەمانەوێ بزانین بۆچی بە مەسیح دەڵێت کوڕی خۆی.

یەکەم شت، پێویستمان بەوەیە بزانین (کوڕی خودا) مانای چی نادات. مانای ئەوە نیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! هەر کەسێك بیری وا بکات ئەوە ناماقوڵی دەکات بەرامبەر خودا! خودا باڵادەسترین کەسە و منداڵی بەو شێوەیە نابێت. هەرگیز! دەبێت ئەو شتە زۆر ڕوون بێت لەبیرمان. ئەوەی دەبێت لە یادت بێت ئەوەیە کە ئەو ناوە مانای ئەوە نیە کە خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! تێ گەیشتنی ئەم شتە زۆر زەحمەت نیە، لەبەر ئەوەی لێرە لە هەولێر ئەگەر یەکێك زۆر لەم شارە ژیا بێ پێی دەڵێن (کوڕی هەولێر) ڕوونیشە کەهەولێر ناتوانێ ژن بێنی و منداڵی لێی بێ. هەروەها ئەگەر ئەو کەسە سەفەر بکەت بۆ دەرەوەی وڵات، خەڵکی

ڕەنگە پێی بڵێن (کوڕی هەولێر) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کەهەولێر باوکیەتی! بەڵکو مانای ئەوەیە کە تۆ لە هەولێرەوە هاتووی، وڵاتی بنەڕەتیت.

بەو شێوەیەیە لەگەڵ عیسای مەسیح. خودا بە کوڕی خۆی ناوی دەبا لەبەر ئەوەی لەلایەن خوداوە هات. مەسیح لە ئاسمانەوە هات. لەگەڵ خودا بوو پێش ئەوەی لەدایك بێت، لە خودادا بوو. ئەو ڕۆحی خودایە. مەسیح هەروەها ووشەی خودایە، ئەو ووشەیەی کە لەلای خودا بوو لە سەرەتادا. ئەمە ئەوەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان ڕایدەگەێنیێ کاتی دەفەرمویێ: لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو... هەموو شتێک بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون...وشەکەش بووە جەستە و لە ناوماندا نیشتەجێ بوو. (یوحەنا ١: ١، ٣، ١٤)

بەڵێ، مەسیح ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات، و وەك پیاوێك لەدایك بوو. هەموومان دەزانین کە مەسیح باوکی زەمینی نەبوو، ئەگەریش باوکی نەبێ ئەی لە کوێوە هات؟ کوڕی کێیە؟ دووبارەی با بزانین جبرائیل چی بە مەریەم ووت. پێی ووت، (ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز سایەی سەرت دەبێت. بۆیە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.) (لۆقا ١: ٣٥)

ڕەنگە گوێت لە کەسانێك بووبێ کە دەڵێن، (ڕاستە، دەزانین کە عیسا باوکی زەمینی نەبوو، بەڵام لەدایك بوونی عیسا لە پاکیزەیەك زۆر ئەوەندە گرنگ نیە. خودا تەنها ویستی هێزی خۆی دەربخات. خودا ئادەمی بەبێ دایك و باوك درووست کرد. پاشان حەوای درووست کرد بە تەنها باوکێك، کەوا لە پەراسویەك درووستی کرد کە لە ئادەمی وەرگرت. پاشان بۆزیاتر نیشان دانی هێزی، خودا پیاوێکی درووست کرد بە بەکار هێنانی تەنها ئافرەتێك. ئەوە تاقە هۆیە کە عیسا بێ باوکی زەمینی لەدایك بوو.)

برادەرانی ئازیز، ڕاستە خودا باڵادەسترین خودایە و هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ ئەو! بەڵام سەبارەت بە لەدایك بوونی عیسا، پێویستە بزانن کە هۆی ئەو شتە گرنگ ترە لە تەنها نیشان دانی هێزی خودا! مەیەڵن کەس فریوتان بدات! هۆیەکی زۆر زۆر گرنگ هەیە کە عیسا لە پاکیزەیەك لەدایك بوو هەزاران ساڵ لەپاش ئەوەی خودا ئادەم و حەوای درووست کرد! ئەو هۆیە دەزانی؟ نووسراوی پیرۆز هۆیەکەمان پێ دەڵێت کاتێ دەفەرموێ: عیسای مەسیح بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران هاتە جیهان (١ تیمۆساوس ١: ١٥) عیسا لەدایك بوو و هاتە جیهان بۆ ئەوەی نەوە بزربووەکان و پیسەکان و ئیدانەکراوەکانی ئادەم ڕزگار بکات — بۆیە ناکرێ لە پیاوێك کە لەکەی گوناهی پێوەبێ پەیا بێت! وەك تائێستا بینیمان، و بە گوێرەی پلانی خودا، عیسا دەبوایە خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانی بۆ ئەوەی سزای گوناه بداتەوە. وە بۆ ئەوەی ببێت بە قوربانیەکی تەواو، ڕزگاری دەرەکە دەبوایە بێ تاقە گوناهێك یان هەڵەیەك بێت، وەك ئەو بەرخە ساغە بێ تاوانەی قوربانی دەکرێ ساڵانە لە جەژنی قوربان.

بیری لێ بکەوە! کەسێك زۆر قەردار بێت دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە؟ نەخێر! تەنها ئەو کەسەی هیچ قەردار نیە دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە. بە هەمان شێوە، مەسیح دەبوایە پیاوێك بێت بێ هیچ قەردی گوناه، تاکو بتوانێ قەردی گوناه بداتەوە لەباتی نەوەکانی ئادەم. خودا دەیەوێ بزانین کە مەسیح و نەوەکانی ئادەم زۆر جیاوازن. ئێمە کوڕی ئادەمین، بەڵام مەسیح کوڕی خودایە! ئێمەی کوڕی ئادەم، وەك ئەو زەوییە پیسەین لەبەر گوناهەکانمان. بەڵام عیسا وەك ئەو بارانەیە کە لە ئاسمانەوە دێت. پاك و بێگەردە، هەروەك چۆن خودا پاك و بێگەردە. لەبەر ئەوە خودا پێی دەڵێت کوڕی خۆی! و بەو شێوەیە برادەران، هیوادارین کەکاتێ ئێرە بەجێ دێڵن، بیرتان ڕوونتر بێت و باشتر تێدەگەن بۆچی عیسای مەسیح دەبوایە لە پاکیزەیەك لەدایك بێت و ناوی (کوڕی خودا) مانای چیە و مانای چی نیە.

چەن مانگێك لەپاش ئەوەی مەریەم سکی پڕ بوو لەلایەن هێزی ڕۆحی خودا، خودا فریشتەی خۆی بۆلای یوسف نارد، ئەوەی دەبووە

مێردی مەریەم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١) [١٨] بەڵام لەدایکبوونی عیسای مەسیح بەم شێوەیە بوو: کاتێ مریەمی دایکی
لە یوسف مارەبڕاو بوو، پێش ئەوەی لەگەڵی جووتبێت بینرا کە سکی هەیە بە ڕۆحی پیرۆز. [١٩] یوسفی مێردی کە پیاوچاک بوو،
نەیویست ئابڕووی ببات، بڕیاری دا بە نهێنی دەستی لێ هەڵبگرێت. [٢٠] کاتێ بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی خوداوەند هاتە
خەونی و پێیووت: (یوسفی کوڕی داود، مەترسە مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە. [٢١] کوڕێکی
دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.) [٢٢] ئەمانە هەمووی ڕوویدا، تا ئەوەی خوداوەند بەهۆی
پێغەمبەرەکە فەرموویەتی بێتە دی: [٢٣] {ئەوەتا پاکیزەیەک سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل.} واتا: خودا
لەگەڵمانە. [٢٤] کاتێ یوسف لە خەو هەڵستا، ئەوەی فریشتەکەی خوداوەند فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا و ژنەکەی گواستەوە. [٢٥] بەڵام
تا کوڕەکەی نەبوو لەگەڵی جووت نەبوو، ئینجا ناوی لێنا عیسا.

جاری داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل تاکو چیرۆکی سەرسوڕهێنەری لەدایك بوونی عیسای مەسیح بخوێنینەوە.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ ئەوەی فریشتەکە بە یوسفی ووت دەربارەی مەسیح بەبیرت دێتەوە:

ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات! (مەتا ١: ٢١)



©

## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دێتەوە بیرت چی ڕووی دا لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا بە قسەی خودایان نەکرد؟

٢. هەمووومان دەزانین کە مەسیح باوکی زەمینی نەبوو، ئەگەریش باوکی نەبێ ئەی لە کوێوە هات؟ کوڕی کێیە؟

٣. ئەو هۆیە دەزانی؟

٤. کەسێك زۆر قەردار بێت دەتوانێ قەردی خەڵکی تر بداتەوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org